دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک

بۆ تەمەنی ۹ تا ١٤ ساڵ

حاجیلە

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی

تەممووز
٢٤
٢٠١٢

باوەشێنێک لە نێوان ڕووپەڕەکانی ئەم کۆوارە ونبووە ، تۆی ئازا ئەگەر دۆزیتەوە ، ئێمە خەڵاتێکت دەکەین .

بێچووی ئاژەڵان

دوو گوێی تووکنم هەن، برژانگەکانم تەواو درێژن. ئەم تووکی گوێ و برژانگە درێژانە بۆ ئەوەن نەیەڵن لمی بیابان بچێتە ناو گوێ و چاوەکانمەوە.

دەزانن من کێم؟

من بێچووی حوشترم و، دایکم بە کەشتیی بیابان ناسراوە. قاچ و ملمان زۆر درێژترن لە ئاژەڵانی تر. بە منداڵیش ڕەنگمان کاڵترە.

ئا: زەریف

ئەسپدێسترا

گوڵڵە قاسم- کەرکووک

ئەم گوڵە بە گەڵای سەوزی ناو هۆڵەکان دەناسرێ لەبەرئەوەی لە گشت ڕووەکەکانی ناوماڵ زیاتر بەرگەی کەشی ناوماڵ دەگرێ و خێرا گەشە دەکا.

ئەم ڕووەکە بەباشی لە سێبەر و نیوە-سێبەردا گەشە دەکا و، ئەگەر بەر تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاو بکەوێ گەڵاکانی ڕەنگی خۆیان لەدەست دەدەن و لێوی گەڵاکانی قاوەیی دەبن.

حەزی لە گەرما نییە. لەبەرامبەردا حەزی لێیە بەردەوام ژێری شێدار بێ، بەڵام پێش ئاودان با ژێری کەمێک کزر بێ. بە (ڕایزوم) زیاد دەکرێ، وەک فریز.

شیفلیرا

قارەمان کامەران-کەرکووک

ئەم گوڵە پێویستی بە ڕووناکیی باش هەیە، بەڵام لە ژێر تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاو دانادرێ. حەزی لە گەرمایەکی مامناوەندی هەیە، کە نابێ لە ٨ پلەی سەتی کەمتر بێ.

پێویستە بەردەوام ژێری شێدار بێ، بەڵام پێش ئاودان کەمێک ژێری وشک بێ. هەروەها پێویستە بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک ئاوپرژێن بکرێ.

بەگرێی نیوە گەییوی قەد زیاد دەکرێ.

ئەکتینۆفیلا

لەمیعە حەسەن - دووز

نیشتمانی ئەم ڕووەکە دارستانە ئیستوائییەکانە لە ئوستراليا و گينيا و جاوا. بە (ڕووەکی چەتر) یان (ئەختەبوت) دەناسرێ. بەردەوام سەوزە و تا ١٥ مەتریش بەرز دەبێ. گەڵاکانی بە کۆمەڵن هەر کۆمەڵێک ٧ گەڵایە. لە سەرەتای هاوین نێزیکەی هەزار گوڵی سووری کاڵ دەگرێ. حەزی لە شوێنی شێدار و مەیلەو گەرم هەیە. لە کاتی گوڵکردنیش پێویستی بە پەیینە.

ژەنیار

وشیار ئەسوەد - کەرکووک

ژەنیار گوڵێکی گەشە
ساوایەکی چاو ڕەشە
سوور و سپییە ڕەنگی
تازە بۆتە چوار مانگی
خەریکی گڕوگاڵە
چرای گەشی ناو ماڵە
گۆنای ئاڵی وەک سێوە
هەردەم بزەی لە لێوە
کە گوێی لە موزیک دەبێ
هێور و بێ دەنگ دەبێ
کۆرپەی ناسک و نازدار
دواڕۆژ دەبێتە ژەنیار

فیلی ناو کۆلارە

ئەمین محەمەد - سلێمانی

ئای لەو فیلە بە حەواوە
بە کۆلارە هەڵمداوە
دەزووەکەم لە دەست بەربووە
ڕێک بۆ ناو هەورەکان چووە
ئێستا لە ئاسمان وەستاوە
دەشنێتەوە بە دەم باوە
ڕەنگا و ڕەنگ و شادی هێنە
گوێچکەی دەڵێی باوەشێنە
لەو بەرزەوە هەر دەڕوانێ
دەڵێ هاوڕێکانم کوانێ !
ئێجگار بەوە سەرسام بووە
چۆن بۆ ئەو جێگایە چووە
خۆزگە دەهاتەوە خوارێ
یان من دەچووم بۆ لای جارێ

مەتەڵ

سپی، سپی، کلو، کلو
وەک پەرە مریشک، وەک پەموو
دێتە خوارەوە لە ئاسمان
دەرژێتە سەر بادە و کۆڵان
دەشت و دەر و سەربان خانوو
دەکا بە یەک ڕەنگی هەموو
دەتوێتەوە لە ناکاو
ساردە هەموو دەبن بە ئاو
ئەگەر لێشت کردە تۆپەڵ
زوو دەیزانی مانای مەتەڵ

عوسمان دەروێش شکور-کەرکووک

ئینتەرپۆل

ڕێبوار قارەمان - چۆمان

ڕێکخـراوی پۆلیسـی نێودەوڵەتییە بنکەی سـەرەکی لە پاریسـە، ساڵی ١٩٢٣ هاتووەتە دروسـت بوون، بۆ هاوکاری کـردن لە نێوان پۆلیسـی زۆربـەی زۆری وڵاتانـی جیهانـدا بـۆ بابەتـی هاوبەشـی و ڕووداوی تاوانکاری کە پێویسـت بە هاریکاری و یارمەتیدانـی یەکتـر دەکات بـۆ دەستگیرکردنی تاوانباران.

فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک

بوش bush

دەوەن: دارێکـی بچووکـە لقی زۆری هەیە وەک داری ئاسـایی قەدی ئەستووری نییە.

بیزی busy

سەرقاڵ: کەسێکی کاری زۆری بەدەستەوەبێ بۆ ئەنجامدانی.

قەرەباڵغ: کاتێ شوێنێک خەڵکێکی زۆری لێ دەبن پێی دەڵێن قەرەباڵغە.

بەتەر butter

کەرە: چەورییەکی زەردە، پاش ژەنینی ماست لە ناو مەشکە و لە دۆیەکە جیا دەبێتەوە.

بەتەرفلای butterfly

پەپوولە: مێروویەکە، چوار باڵی سپی یان ڕەنگینی هەیە.

بەتن button

دوگمە، قۆپچە: بە جلوبەرگەوە دەدوورێتەوە بۆ ئەوەی لایەکی بەلایەکەی ترەوە ببەستێتەوە.

بای buy

کڕیی: کە تۆ پارە بە شتێک دەدەی بۆ ئەوەی ببێ بە هی خۆت، ئەوە ئەو شتەت کڕیوە.

ناوی کچانەی نوێ

هێڤی بەکر-خورماتوو

بەرسیلە: قۆرە
پرژە: پڕیشک
تامان: دەرکە
ترووسکە: بریقە
تەرزە: تەزرە
جوولە: بزوتن
دارسان: لێڕ
دهار: دوند
ڕێژاو: ڕێژاڤ
زایەڵە: دەنگدانەوە

نیوداران

سەیدا ساڵح یوسفی

سەردار عەبدوڵا- پردێ

ناوی ساڵح کوری عەبدولا یوسفییە، یەکێک بوو لە ڕۆشنبیر و تێکۆشەرانی گەلەکەمان، ساڵی ١٩١٨ لە گوندی بامەرنێ سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بامەرنێ و دواناوەندیشی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلیجی (شەریعە) لە بەغدا دەرچووە.

ڕابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە، لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ بە پیلانێکی ڕەش لە بەغدا شەهید کرا.

ڤۆڵتێر

کوێستان مەلا قادر – هەڵەبجە

ڤۆلتێر فرانسوا ماری ئەروێ، یەکێکە لە فەیلەسووفە بەنێوبانگەکانی جیهان لە ١٦٩٤ لە پاریس لە بنەماڵەیەکی خۆشگوزەران لەدایک بووە. خوێندنی یاسای تەواو کردووە. کەسایەتییەکی پێشەنگ بووە لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی فرەنسا لە سەدەی هەژدەیەمدا دەستێکی باڵای هەبووە لە نووسینی شیعر و شانۆگەری و وتار و پەخشان و چیرۆک و مێژووی فەلسەفەدا. بە هۆی هۆنراوە سیاسییەکانیەوە چەند جارێک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە زیندانی کراوە. ساڵی ١٧٧٨ کۆچی دوایی کردووە.

سامۆئیل بیکیت

ئازاد سەلیم – سیروان

ڕۆماننـووس و نووسـەر سـامۆئیل بارکلـی بیکیـت Samuel Barclay Beckett لە ١٣ی نیسـانی ١٩٠٦ لە دبلن لـە ئێرلاندا لەدایک بـووە. هەر لە منداڵییەوە لـە خوێندن بلیمەت بووە و حـەزی لە وەرزش هەبووە. زۆریش حەزی لە سەیرکردنی فیلمی ئەمەریکایی بێدەنگ هەبووە وەک فیلمەکانی چارلی چاپلن.

لـە سـاڵی ١٩٣٥دا یەکـەم ڕۆمانی خـۆی بەناوی (مۆرفی) نووسیوە. لە کاتی شەری دووەمی جیهانیدا لـە ئێرلانـدا وەک پەیامنێر و وەرگێر بەشـداریی لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر کردووە.

ساڵی ١٩٤٧، شانۆییە بەناوبانگەکەی (لە چاوەنواریی گۆدۆدا) نووسـیوە. سـاڵی ١٩٥٢ ئەم شـانۆییەی بڵاو کردەوە و سـاڵی دواتر لە پاریس پێشـان درا و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، لەو ساتەشەوە بیکیت لە گشت دنیادا ناسرا و ناوباگی پەیدا کرد.

لە ١٩٨٠کانـدا بیکیت لە خەڵـک دوور کەوتەوە و لە ١٩٨٩دا سوزانی ژنی مرد و پاش ئەو بە چەند مانگێک، لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩دا بیکیت خۆیشی مرد.

بیکیت بە گرینگترین نووسـەرانی شانۆ و ڕۆمان لە سـەدەی بیستدا دادەنرێ و لە ماوەی ٦٠ ساڵی کاری ئەدەبیدا توانیی بە دروسـتترین شـێوە کێشـەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بخاتە ڕوو.

خۆشۆرین

تاتیانا – کەرکووک – عەرەفە

ڕەوا لە دایکی پرسی: «دایە دەتوانم بە تەنیا خۆم بشۆم؟»
دایکی وەڵامی دایەوە: «ئەی چۆن! بەڵام با پێشتر فێرت بکەم چۆن خۆت بشۆی».

«سەرەتا هەموو گیانی خۆت بە ئاو تەڕ بکە»...

«ئینجا کەمێک شامپۆ بکە بەسەر پرچتا و بە جوانی بە پەنجەکانت تیکەڵی پرچتی بکە»...

«لەو کاتەدا کەفاو بەسەر ناوچاوان و برۆکانتا دێتە خوارەوە»...

«چاوەکانت بنووقێنە، بەمەش کەفاوەکە لەسەر برژانگەکانت دەوەستێ و ناچێتە چاوتەوە»...

«گوێیەکانیشت لەبیر نەکەی»...

«بۆ ئەوەی بێزار نەبی، کەمێک یاری بکە، خۆت بکە بە شەموولە، لەسەر هەر ڕوومەتێکت تۆپەڵێ کەف دابنێ و، دوو تۆپەڵە کەفی تریش یەکێ بۆ چەناگەت و ئەوەی تر بۆ سەر لووتت. هەروەها دەتوانی فوو لە کەفەکە بکەیت بۆ ئەوەی بڵقی کەف دروست بێن و بە دەورتا بفڕن»...

«ئینجا پرچت و دەموچاوت جوان بە ئاو بشۆرە»...

«دوای شوشتنی سەرت، سابوون لە لفکەکەت بدە و وەک ئۆتۆمۆبیل بەسەر لەشتا بیبە و بیهێنە»...

«لە ملتەوە دەستی پێ بکە، لە پێشەوە بۆ دواوە لفکەکە ببە»...

«ئینجا بچۆ سەر شانەکانت»...

«دوای ئەوەی لفکەکە بەسەر قۆڵتا بهێنە خوارەوە تا دەگاتە ئانیشکت»...

«ئینجا لە ئانیشکتەوە وەرە خوارەوە بۆ سەر باسک و مەچەکت»...

«دواتر جوان بە دەســـت و پەنجەکانتا بیهێنە و نینۆکەکانیشـــت لەبیر مەکە»...

«پاش ئەوەی لەوێ تەواو بووی، وەرە ســـەر سنگت و بە جوانی بیساوە»...

«کە لە سنگت بوویتەوە، بانگم بکە با پشتت بۆ بشۆم»...

«پاشتر، بگەڕێوە سک و ناوقەدت بشۆ و، لفکەکەیان بەجۆرێک پیا بهێنە وەک ئەوەی پشتێن لە خۆت بئاڵێنی»...

«ئینجا بچۆ سەر سمتەکانت و لەوێوە بەرەو ڕانەکانت شۆڕ ببەرەوە»...

«کە گەیشتیتە ســـەر ئەژنۆکانت و شوشتیانت، بچۆ خوارەوە و لاق و بەلەکت جوان بشۆ»...

«دوای ئەمانـــە، بچۆ خوارتر و قولەپێ و پاژنە و پێیەکانت جوان بشۆ»...

«ئەمجا پەنجەکانی پێت و نێوانیان جوان پاک بکەرەوە»...

«دوای گشـــت ئەوانە... بەباشـــی ئاو بکە بە هەموو لەشتا با هیچ کەفاوی پێوە نەمێنێ»...

«لـــە کۆتـــای خۆشۆرینەکەشـــدا، خاولیـــی تایبەت بـــە گەرماو (بورنوس) لەبەر بکە و وەرە دەرەوە! پیرۆزە ئازیزەکەم!»

کۆنترین ڕایەخ لە مێژوودا

سەیوان ناسیح- شوان

ئاسەوارناسی ڕووسیایی سێرگی ئیڤانۆڤیچ لە دۆڵی پازیریک، کە دەکەوێتە باشووری سربیا کۆنترین ڕایەخی دۆزیوەتەوە و دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کەوا لە خوری دروست کراوە و ڕووبەرەکەی مەترێک و ٨٠ سانتیمەتری دووجایە. مێژووی ئەم ڕایەخە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی چوارەم و سێیەمی پێش زاین و بەکۆنترین ڕایەخ لە مێژوو دادەنرێت. ئێستا لە کلێسایەکی سان پترۆسبۆرگی ڕووسیادا پارێزراوە.

لە ئێوە پرسیار و لە ئێمەش وەڵام

زانیار عیسا - کەرکووک
ئەڵماس

هاوڕێی گۆوارەکەمان (ڕەوا عەبدولرەزاق) قوتابیی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە کەرکووک، پرسیارێکی ئاراستەی (حاجیلە) کردووە و دەڵێ:

دەبیستم هەندێ کەس دەڵێن «من لە ئاژەڵ دەترسم» یان «لە شوێنی تاریک و داخراو دەترسم» یان «لە بەرزایی دەترسم»، ئایە هۆی ئەم ترسانە چییە؟ نەخۆشییە یان نا؟

ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر کاکە ڕەوا، ئەمە نەخۆشی نییە، بگرە حاڵەتێکی دەروونییە لای گەورەکان هەیە پێش ئەوەی لای منداڵان هەبێ. کە جۆرێکن لە ترسی درێژخایەن و بە «فۆبیا» دەناسرێن.

لێکدانەوەی زۆر بۆ ئەم حاڵەتە هەیە، هەندێ لە پسپۆڕان پێیان وایە کە لەو وڵاتانەی شەڕ و ماڵوێرانیی زیاتریان دیوە، ئەم حاڵەتە زۆرتر بەر چاو دەکەوێ و، جاری وا هەیە لە دایکەوە بۆ منداڵەکانی دەگوازرێتەوە و دڵەڕاوکێی درێژخایان دەبێتە هۆی ئەم حاڵەتە.

پسپۆڕان ئەوەش دەڵێن کە زۆربەی ئەم حاڵەتانە چارەسەریان ئاسانە و یەکێ لە چارەسەرەکان ئەوەیە کە نەخۆشەکە لە ژێر چاودێریی پزیشکی پسپۆڕدا ڕووبەڕووی ئەو شتە بکرێ کە لێی دەترسێ تاکو بزانێ کە ئەو شتە مایەی ترس نییە، ئینجا ترسەکەی بڕەوێتەوە.

چوار ڤیتامینی بەسوود بۆ پرچ

کوێستان عەلی - ڕێدار

بەشی سێیەم:

پسپۆڕانی بواری پرچ ئامۆژگاریمان دەکەن گرینگی بەپرچمان بدەین و ڤیتامینە پێویستەکانی بۆ دابین بکەین، کە بریتین لە ڤیتامینەکانی (A، B Complex، E، ترشی فۆلیک)، لێرەدا بە ٤ بەش هەر جارە و باسی یەکێکیان دەکەین:

٣- ڤیتامین (E):

ئەم ڤیتامینە پێویستە بۆ پرچی تەندروست، لەبەرئەوەی سووڕی خوێن چالاک دەکا، بەمەش خوێن بەباشی دەگاتە چەرمی سەر.

بەکارهێنانی گونجاوی ئەم ڤیتامینە، ئەم بەرهەمانەی بۆت دەبێ: تاڵە پرچی خاو و جوان. کەمکردنەوەی پچرانی تاڵەکانی پرچ.

سپێناخ و تەماتە و چەرەزات خواردنگەلی پڕ لەم ڤیتامینەن بۆیە هەوڵ بدە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بیانخۆی.

جۆرەکانی قاوە کامانەن؟

نەرمین محەمەد - کەرکووک

جۆرەکانی قاوە ئەوەندە زۆرن لە ژمار نایەن، بەڵام بەناوبانگترینیان ئەمانەن: نێسکافێ، کە یەکەمین جۆری قاوەی خێرایە و کۆمپانیای نێستلێ لە سویسرا دروستی کرد. قاوەی ئەمەریکی، بەزۆری لە دەنکە قاوەی کۆلۆمبیایی دروست دەکرێ. قاوەی عارەبی، خەستە و زۆربەی کات بەتاڵی دەخورێتەوە و، لە جۆرە فنجانێکی تایبەتدا پێشکێش دەکرێ. قاوەی تورکی، قاوەیەکی قورسی تۆخە بەزۆری لە دەنکە قاوەی برازیلی دروست دەکرێ. ئێسپرێسۆ، قاوەیەکی ئیتالییە، سووکە و ڕەنگەکەی تێرە، بەئامێرێکی تایبەت دروست دەکرێ. کاپوچینۆ، قاوەیەکی ئیتالییە سێیەکی بریتییە لە ئێسپرێسۆ و، سێیەکی شیرە و، سێیەکی کرێمە. مۆکە، قاوەیەکی فەرەنسی یان ئیتالییە، سێیەکی قاوەی قورسە و، سێیەکی چوکلێتی بێشەکرە و، سێیەکی شیرە. قاوەی سەهۆڵبەند، خەڵک پێیان وایە ئەمەریکاییە و ئەمەریکاییەکان دەڵێن عارەبییە، بریتییە لە قاوەیەکی تۆخی سارد لەگەڵ شیری سارد و شەکر.

زیانەکانی سووراو

سێوە سەعید-بازیان

سووراو کە ئێستاکە زۆربەی ژنان و کچان ڕۆژانە بەکاری دێنن. بەگوێرەی تاقیکردنەوەیەکی زانستی لەسەر خراپی ئەم جۆرە سووراوانە بۆ تەندروستی دەرکەوتووە، زۆرترین زیانی هەیە و دەبێتە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە، لەبەر ئەوەی مادەی ڕەساسیان تێدایە و بە شێوەیەکی کەم دەچێتە خانەکانی ئێسک و ماسوولکە و مێشکی مرۆڤەوە و، لە پاش چەند ساڵێک کۆ دەبێتەوە و، نەخۆشی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە و سیستمی مێشکی مرۆڤ تێک دەدات. بۆیە پێویستە لەسەر دایکان ئاگاداری منداڵەکانیان بن کاتێک کە خۆیان سووراو دەکەن نەهێڵن ئەوانیش لێو و گۆنایان سوورکەن، هەرچەندە بۆ دایکان و، بەتایبەت ئەو دایکانەی شیر دەدەنە منداڵەکان زۆر خراپە و، دەبێتە هۆکاری کەمی گەشە لای منداڵەکانیان.

بۆ کوڕان: چۆن ڕیش دەتاشی

ئازاد عەلی - سەرچنار



ڕیشتاشین، زۆر گرینگە بۆ پیاوان، هەروەها کارێکی تایبەتە کە زۆر جار گەنجان نازانن چۆن ئەنجامی بدەن، بۆیە لێرەدا بە درێژی باسی ئەم بابەتە دەکەین:

کەرەستە پێویستەکان: مەکینەیەکی تەراش، کرێمی ڕیشتاشین، ئاوی شلەتێن، کرێمی تەڕکردنی پێستی منداڵان. .

پێش ڕیشتاشین: تووکی دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن تەڕ بکە، ئینجا کرێم یان جلی ڕیشتاشینی لێ بساوە.

ڕیشتاشین: بە دەستێکت پێستی دەموچاوت ڕاکێشە بۆ ئەوەی توند بوەستێ، ئینجا بەدەستەکەی ترت بیتاشە.

لە کاتی ڕیشتاشینیش چەندان جار، مووسەکەت پاک بکەرەوە.

مووسەکە دوو جار بەسەر هەمان شوێندا مەهێنە. .

پاش ڕیشتاشین: کەمێک لۆشنی تەڕکردنی پێست لەو شوێنانە بساوە کە تاشیوتە، بۆ ئەوەی تووشی خوران و هەوکردن نەبی.

بۆچی پوولی پۆستە دداندارە؟

کامەران نامیق- قەرەهەنجیر

پێشان هەر چوار لێوارەکانی پوولی پۆستە لووس بوون، چونکە بەمقەست دەبڕان، هەتا مستەر ئارشار پەیدا بوو و بیرۆکەی ئەوەی بەبیردا هات کە لێواری پوولەکان کون کون بکرێت ئاسانترە بۆ برین و پێویست بەبەکارهێنانی مقەست ناکات. هەروەها ئەگەر هەڵەش کرا لە نووساندنی پوولەکە ئەوا بەئاسانی لێدەکرێتەوە و نادڕێ.
لە پای ئەم داهێنانەشدا حکوومەت خەڵاتێکی ٤ هەزار پاوەنیی پێ بەخشی.

گیتـار

هێژا وەیسی-دهۆک



گیتار ئامیرەکە ژ داری دهێتە چێکرن و، تێلێن وێ ژ لایلونی یان ژ مەعدەنی دروست دکەن، گیتار ئامیرەکێ کەڤنە بەلێ نە وەکی کەڤناتیا عودێ، چونکی گیتار ل چەرخێ چواردێ دیار بوویە و ل وی دەمی گیتارێن ٣ تێلە هەبوون و، ل ئسپانیا گیتار ل چەرخێ ١٦ ێ دیار بوویە و، ل چەرخێ ١٧ ێ ل ئەورۆپا هەمیێ ب ناڤ و دەنگ بوو و ل دویماهیا چەرخێ ١٧ ێ دوو تێلێن دی پێڤەکرن و ل دویماهیا چەرخێ١٨ ێ گیتارێ شێوێ خۆ یێ دویماهیێ وەرگرت.
کو وەکی نۆکە ئەم دبینین و یا بەلاڤ..
ل سالا ١٩٣٠ ێ گیتارا کارەبێ GuitarBoss ل وەلاتێ ئەمریکا پێشکەفت، کو دەنگێ گیتارا کارەبێ گەلەک یێ جۆدا بو ژ گیتارا نۆرمال ئەوژی ژبەر ئەلکترۆنێن کارەبای دگیتارا کارەبێ دا هەنە کو گیتارا کارەبێ دبیتە چەند جۆر وەکی (گیتار باس، گیتار کلاسیک)...

بەرزترین لووتکە چیای کیشوەرەکان

نازدار بەکر- شۆراو



بەرزترین لووتکە چیای کیشوەری ئەورووپا لووتکە چیای برووسە لە ڕووسیا، کە ٥٦٣٣ مەتر لە سەر ڕووی دەریاوە بەرزە.
بەرزترین لووتکە چیای کیشوەری ئاسیاش لووتکەی ئێڤەرستە و بەرزییەکەی دەگاتە ٨٨٤٨ مەتر.
لووتکە چیای کیبۆ بەرزترین لووتکەی کیشوەری ئەفریقیایە و بەرزییەکەی دەگاتە ٥٩٦٣ مەتر.
لە کیشوەری ئەمەریکای باکور بەرزترین لووتکە چیا، لووتکەی ماکینلییە و بەرزییەکەی ٦١٩٤ مەترە، کە دەکەوێتە ئالاسکا.
لووتکەی ئەکۆنکاگواش کە بەرزییەکەی دەگاتە ٦٩٥٩ مەتر بەرزترین لووتکە چیای کیشوەری ئەمەریکا باشوورە.
بەرزیی لووتکە چیای کۆسکیۆسکۆ ٢٢٣٠ مەترە و بە بەرزترین لووتکە چیای کیشوەری ئوسترالیا دادەنرێت.

کۆنترین شێوازی پاراستنی خۆراک

خەندە حەسەن- ئازادی

خوێکردنی خۆراک یان هەڵگرتنیان لە ناو خوێی چێشتدا، بەکۆنترین شێوازی پاراستنی خۆراک دادەنرێ، لە ڕووی زانستیشەوە ناونراوە «سپیلین».
خوێی چێشت مادەیەکە توانای هەڵمژینی ئاوی خواردەمەنییەکانی هەیە و پەیتیی خوێیەکەی زیاد دەکات، ئەم زیادکردنی پەیتی خوێیەش، خۆراکەکە لە بۆگەنبوون دەپارێزێ.
گریک و ڕۆمانەکان بەپێشەنگی گەلانی پێڕەوکردنی ئەم شێوازە دادەنرێت بۆ پاراستنی خۆراک. تاکو ئێستا لە شوێنە دوورە دەستەکانی وڵاتە ساردەکاندا هەمان شێواز بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتیش بۆ پاراستنی گۆشت و ماسی.

ئەم ناوە لە چییەوە هاتووە؟

کاروان سەعید – لەیلان

دەریای ڕەش

تورکەکان بۆ یەکەمین جار ناویان لە دەریای ڕەش ناوە، چونکە ئاسمانی سەر دەریاکە لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵدا بەهەورێکی ڕەش داپۆشراوە و ئاوی دەریاکە تیشکی هەورە ڕەشەکە دەداتەوە و خۆی ڕەش دەنوێنێ.
کەشتیوانە تورکەکانیش هەمیشە خۆیان لە دەریاوانیی ئەم دەریایە دوورخستووەتەوە و بەهێمای مردنیان دادەنا.

خەوی نیوەڕوان پێویستە بۆ تەندروستی

عیماد عەلی- کەرکووک

زانایان جەخت دەکەنەوە کە زۆر گرینگە مرۆڤ دوای نانی نیوەڕۆ، بۆ ماوەی ٢٠ تا ٤٠ خولەک بخەوێ.
ئەو زانایانە دەڵێن کە ئەم خەوە پێویستە بۆ نوێکردنەوەی چالاکیی لەش و سڕینەوەی ئاسەواری ماندوویی و گرژی.
هەروەها زانراوە کە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی دنیا وەک ناپلیۆن پۆناپارت و جاک شیراک و وینستن چەرچڵ بەردەوام، ئەوەندەی پێیان کرابێ، نیوەڕوان سەرخەوێکیان شکاندووە.

هاوڕێیانی حاجیلە

یەحیا شاخەوان

چێنەر

هەلالە و گولالە

هۆنیا

مەیسەم

١١ مافەکانتان

ناز نەبەز - ڕەحیماوە

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩دا ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی بڵاوکردەوە و زۆربەی وڵاتانی دنیا دانیان بە ناوەڕۆکی برگە و مادەکانیدا ناوە و عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە.

«حاجیلە» بۆ ئاشناکردنی ئێوەی ئازیز بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە هەر ژمارەیەکدا ٣ مادەی ئەم ڕێککەوتننامەیەتان بۆ بڵاودەکاتەوە. تا بە ئاگا بن لە پێشێلکردنی مافەکانتان لە سنووری خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەتدا.

مادەی ٢٨:

پێویستە دەوڵەت خوێندنی سەرەتایی پابەندکراو زۆرەکی و بە خۆڕایی بکات و بایەخ بە قۆناخەکانی تری خوێندن بدات و بۆ هەموو منداڵێکی والا بکات. هەروەها خوێندنی باڵاش بۆ هەمووان بێت و لەسەر بنەوای تواناسازیدا بێ.

مادەی ٢٩:

خوێندنی منداڵ پێویستە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی جەستە و هۆشی بێت و بەهرەکان خەفە نەکرێن. هەروەها هوشیار بکرێنەوە بۆ پاراستنی ژینگە و هەست بە بەرپرسیارێتی لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا.

مادەی ٣٠:

پێویستە دەوڵەت هەموو مافەکانی پێڕەوکردنی زمان و کلتوور و ئاینی تایبەت بە خۆیان بۆ منداڵان دابین بکا.

خۆت فێری گەشبینی بکە

سیروان عاسم - هەولێر

تۆژینەوەکان پێشانیان داوە کە مرۆڤی گەشبین کەمتر هەست بە پاڵەپەستۆی ژیان دەکا و سەرکەوتووترە لە خەڵکی تر، هەروەها تەندروستیشی لە خەڵکی ڕەشبین باشترە. بۆیە ئەگەر مرۆڤ لە منداڵییەوە فێری گەشبینی ببێ سەرکەوتووتر دەبێ، ئەمانەش چەند هەنگاوێکن بەرەو گەشبینی:

بەردەوام هەوڵ بدە باسی شتە باشەکان بکە و چاوەڕوانی باشترین ئاکام ببە. هەر کاتێکیش سەرکەوتنت بەدەست هێنا خۆشحاڵیی خۆت دەربڕە. هەوڵ بدە تا پێت دەکرێ کارەکانت بەدەستی خۆت ئەنجام بدەی، وەک کاری ناوماڵ و ڕێکخستنی کەلوپەلی ژوورەکەت، بۆ ئەوەی بەدەستی خۆت سەرکەوتن تۆمار بکەی. بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابە لای باش و گەشی شتەکان ببینی، لە هەموو شتێک زیاتر سەیری ڕووە باشەکەی بکە. ئەگەر توانی ئەوەت نەبوو لە دەرەوە یاری بکەی، لە ماڵەوە خۆت بە خوێندنەوە و وێنەکێشانەوە خەریک بکە. لە هەر سەرکەوتنێکدا بزانە هۆکارەکانی چین و هەوڵ بدە گرینگی بەو شتانە بدەی کە سەرکەوتنت بۆ دابین دەکەن. ئەوەش بزانە سەرکەوتن لە گشت بوارێکدا بۆ کەس نایەتە دی بۆیە بزانە لە چی سەرکەوتووی هەوڵی سەرکەوتنی زیاتر لەو بوارەدا بدە و بەردەوام هەوڵ بدە بەشداری چالاکییەکانی بیی. هەوڵیش بدە خۆت بیر لە شتەکان بکەیتەوە و بەدوای چارەسەری ئامادەکراودا مەگەڕێ.

کتێب و نووسەر

شۆخان ئەحمەد-تەکیە

- شەرەفنامە نووسینی شەرەفخانی بەدلیسیە
- مەم و زین، دانراوی ئەحمەدی خانی
- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلادین سەجادی
- کورد و کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی.
- ئەحمەدی، شێخ مارفی نۆدێ.
- فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ.
- ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد.
- ڕۆمانی شار، حوسێن عارف.
- مرۆڤ و دەورووبەر، مەسعوود محەمەد
- تاریک و ڕوون، هێمن.

جیهانی ئینتەرنێت

ماردین - سلێمانی

سایتی بەسوود

www.natgeotv.com/ae

www.splashup.com

پێبکەنە تا جوانتربیت

دلێر زەنگنە – کەرکووک

کابرایەک سکی دێشێ
و دەچێتە دەرمانخانە داوای دەرمان
دەکا، دکتۆرەکەش دەڵێ: ئەم شرووبە جوان
بشڵەقێنە ئینجا بیخۆرەوە.. کابراش هەر دەرمانەکە
وەردەگرێ و هەڵیدەقورێنێ.. ئینجا هەر لەناو
دەرمانخانەکە دەست دەکا بە هەڵپەڕین، دکتۆرەکە
دەڵێ: ئێرە جێگای هەڵپەڕین نییە.. کابراش
دەڵێ ئاخر دکتۆر دەرمانەکەم بێ شڵەقاندن
خواردووە... ئەوا دەیشەڵقێنم!!

ماموستای زمانی کوردی بە
قوتابییەکی ئەڵێ:
«رستەیەکم پێ بڵێ (شەکر)ی تێدا بێت!»
قوتابییەکەش لە وەڵامدا ئەڵێ: «ئەم بەیانییە پیاڵەیەک
چام خواردەوە.»
ماموستا ئەڵێ: «ئەی شەکرەکە کوا؟»
قوتابییەکە ئەڵێ: «لە ناو چایەکەدا بوو

دوو کەس، کە پێشتر بە فرۆکە
سەفەریان نەکردووە، ئەچن بۆ فرۆکەخانەی
هەولێر بە نیازی سەفەرکردن. کە لە فرۆکەخانە
دادەبەزن و لە نزیکەوە فرۆکەکان دەبینن یەکێکیان
بەوەی تریان دەڵێ:
«سووک برۆ و تەپەتەپ مەکە با فرۆکەکان نەفڕن.

قامیشلی

مەغدید کۆیی-کۆیە

شارێکی ڕۆژئاوای کوردستانە،
کەوتووەتە سەر سنووری نێوان تورکیا و سوریا،
لە دەشتاییەکی بەپیتە بە نێوی جەزیرە، کە گەلێک
شوێنەواری کۆنی میتان و، ئاشووری و، ڕۆمانی تێدایە.
دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسن، زۆربەی زۆریان
کوردن، کەمێکیان لە نەتەوەی عەرەبن. زێدی چەندان کەڵە
نووسەری وەکو جگەرخوێن و سەلیم بەرەکاتە.

جوانترین توانج

بەهرۆز سەلام – سلێمانی

دیمانە

دیمانە: سارا سەلیم – کەرکووک

یەکەمی کەرکووک: حەز دەکەم ببم بە وەزیر لە حکوومەتی کوردستان

تارا عەلی لە پۆلی شەشی
سەرەتاییە، لە قوتابخانەی ئەسیری. ئەم ساڵ
لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا نمرەیەکی زۆر بەرزی هێناوە و
بووەتە یەکەمی سەر هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەرکووک. «حاجیلە» لە دیمانەیەکدا ئەم پرسیارانەی ئاراستە
کرد :

- تێکرای نمرەکانی ئەم ساڵت چەند بوو؟
- ٥٩٧م لە کۆی ٦٠٠دا هێناوە، لە پێنج وانەدا ١٠٠م هێنا، تەنیا وانەیەک نەبێ، ٩٧م هێنا.
- ڕۆژانە چەند سعات خەریکی ئامادەکردنی وانەکانت دەبووی؟
- سعاتم بۆ خۆم دیاری نەکردبوو، هەر کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، پاش پشوویەکی کەم دەستم دەکردە ئامادەکردنی وانەکانم. ئەو ڕۆژانەشی تاقیکردنەوەمان هەبووایە، سعات پێنجی بەیانی لەخەو هەڵدەستام.
- بێجگە لە ماموستاکان، کێی تر هاوکاریتیان دەکرد؟
- باوکم لە زانست و دایکیشم لە بیرکاری هاوکارییان دەکردم.
- بۆ قۆناخی ناوەندی چۆن خۆت ئامادە کردووە؟
- لە پشووی ئەم هاوینەوە، کتێبی گشت وانەکانم پەیدا کردووە و هەوڵ دەدەم لە ئێستاوە هەموویان بخوێنمەوە.
- ئەی لە دووارۆژدا حەز دەکەیت ببیت بە چی؟

ئاواتەخوازم کەرکووکیش بچێتەوە پاڵ هەرێمی کوردستان و حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان دابمەزرێ و لەو حکوومەتەدا ببم بە وەزیر.

بەلەمەکەی لە کەرکووک دۆزرایەوە

هاوڕێمان **ژینۆ خەیروڵڵا مەلا عەلی** تەمەن
٨ ساڵ پۆلی دووەمی سەرەتایی قوتابخانەی ژینۆی
سەرەتایی کچان بەلەمەکەی حاجیلەی دۆزییەوە ئێمە سەرەڕای
دەستخۆشی پیرۆزبایی لێ دەکەین.

خۆر... چۆن دروست بوو

گزنگ - کەرکووک

خۆر کە سەرچاوەی گەرمی و ڕووناکیی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرە، پێش ٥٠٠٠ ملیۆن ساڵ دروست بووە و زانایان وای بۆدەچن، کەوا ٥٠٠٠ ساڵی تریش هەر بەم شێوەی ئێستای بمێنێتەوە.

لەســـەرەتادا پەڵە هەوری گەورە گەورە لە بۆشـــاییی گەردووندا هەبوو، ئەم پەڵە هەورانە لەگەڵ تۆز و گـــەردی دەوروبەریدا چڕبوونەوە و پلەی گەرمیی چەقی ئـــەم پێکهاتانە بەجۆرێک بەرزبووەوە، تا گەیشتە ڕادەی درەوشانەوە.

چەقی هەورەکە بەکاریگەریی گەرمی، تەقییەوە و ئەم خۆرەی ئێســـتامانی لێ پەیدا بوو، کە بەهەموو لایەکەوە ڕووناکی و گەرمی دەبەخشێتەوە.

بۆچی ئاسن ژەنگ هەڵدێنێ؟

مەریوان شاکر - قەرەهەنجیر

ژەنگ بریتییە لە مادەی ئۆکسـیـدی ئاســن، کـە لە ئەنجامـی کارلێککردنی ئۆکســجینی کەش و ئاســن پێکدێت و چینێکی تەنکی قاوەیی لەســەر ڕووی دەرەوە دروست دەکات.

جا ئەگەر کەشی دەوروبەری ئاسنەکە شێدار بوو، ئەوا هەوا شێدارەکە لەسەر ڕووی ئاســنەکە چڕ دەبێتەوە و دڵۆپی بچووک بچووکی ئاو پێکدێت، پاشان ئۆکســجینی تواوەی ناو دڵۆپە ئاوەکە و ئاسنەکە کارلێک دەکەن و ئەو ژەنگە پێکدێنن.

کاتێکیش ئاسن ژەنگ هەڵدێنێ زۆر زەحمەتە ڕێگە لەو ژەنگهەڵهێنانە بگیرێ، چونکە ئەو ژەنگەی لە سەرەتادا دروست دەبێت کارئاسانی بۆ کارلێکی نێوان ئۆکسجین و ئاسنەکە دەکات و کردارەکە خێراتر دەکات.

بۆ پاراستنی ئاســن و ڕێگەگرتن لە ژەنگهەڵهێنان، پێویستە ڕووی دەرەوەی ئاسنەکە بۆیاغ بکرێ و بۆیاغی تایبەت بەژەنگ هەیە، کە ئاسنەکە و ئۆکسجینی کەش لێک جودا دەکاتەوە.

ئازا

بەهرە جەبار - سلێمانی

میریدا ، کچێکی ئازا و چاونەترسە ، لە هەمان کاتیشدا کچی پاڵەوانێکی بە ناوبانگی میللەتی سکۆتلەندایە .

میریدا لە وڵاتە ئەفسوناوییەکەی سکۆتلەندا ناوبانگی بە سەرکەش دەرکردووە ، باوکی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئامۆژگاری کردنی ، بەڵام بێسوودە .

میریدا بە تیر و کەوانەکەی دەتوانێت جگە لەوەی خۆی وەکو پاڵەوانێک بنوێنێت ، وڵاتە ئەفسوناوییەکەشی لە داگیرکەران ئازاد بکات .

بەرهەمی ساڵی ٢٠١٢ .
داهات : ١٩٦ملیۆن دۆلار .
دەرهێنانی : مارک ئەندریۆ و بریندا چاپمان .
نواندنی : کیلی ماکدۆناڵد ، بیلی کۆنۆللی .
نووسین : مارک ئەندریۆ و بریندا چاپمان .

تاقیگەی حاجیلە

١٨

ناز کەریم- تەکیە





هەنگاوی یەکەم : دوو کتێبی هاوقەبارە بێنە، کە هەمان بارستاییان هەبێ و هێندەی ناو لەپێک لە یەکتری دووریان بخەرەوە.

هەنگاوی دووەم : پارچە کارتۆنێک کە قەبارەی هێندەی قەبارەی کتێبێکیان بێ، بخەرە سەر کتێبەکان (وەکو لە وێنەکەدا دیارە) ئینجا سەرە شووشەیەک بخەرە ناوەڕاست کارتۆنەکە. بەرەبەر هەندێ قورسایی بکەرە ناو سەر شووشەکەوە. چی دەبینی؟

هەنگاوی سێیەم : هەمان هەنگای پێشوو دووبارە بکەوە، بەڵام ئەمجارە کارتۆنەکە بچەمێنەوە و بیخەرە نێوان هەردوو کتێبەکە. ئەمجارە چی دەبینی؟

چی فێربووی؟

لە باری یەکەمدا کاتێک قورسایی دەکەینە ناو سەرە شووشەکەوە، دەبینین کارتۆنەکە دەچەمێتەوە و بەرگەی قورساییەکە ناگرێ، بەڵام لە باری دووەمدا کارتۆنەکە ناچەمێتەوە و بەرگەی قورساییەکە دەگرێ، چونکە ئەمجارە کارتۆنەکە پاڵی داوەتە کتێبەکان و هێزەکە بەسەر کتێبەکاندا دابەش بووە، نەک لە ناوەڕاستی کارتۆنەکە.

- بۆئەوەی وا بکەی مۆم درەنگتر بتوێتەوە، هەندێ خوێ بکەرە ژێرەکەی، بەمەش تەمەنی درێژتر دەبێ و خوێیەکە ناهێڵێ تیرەی ناو مۆمەکە زوو بسووتێ.
- دەتوانی سوود لە بوتڵە پلاستیکییەکانی بیبسی وەرگری بۆ پاراستنی مەعکەرۆنە و شەعرییە و دانەوێڵە، بەمە ژینگەش لە پیسبوون دەپارێزی.

ماڵداری

ئاشتی عەبدوڵڵا - کەرکووک

حەوت جاران بەبێ وەستان بیلێرەوە

کۆسرەت چووە ناو کۆستەر کاستەری خوارد

پەرۆش ئەیوب-رانیە

تاڵیشک

حەمرین محەمەد – تەکیە

گیایەکە سەرەتا وەکو گەڵا دەڕوێت، باریک و درێژە، لێواری گەڵاکانی وردە دڕکی ناسکە تامێکی تاڵی هەیە، لە سەرەتای زستان شین دەبێ و لە بەهاراندا بەتەواوی پێدەگات لەنێو دەغڵودان دەڕوێن و، جووتیاران دوای بژار کردن بۆ مەڕوماڵاتی دەبەن، کەو زۆری حەز پێدەکات، بۆ گەلێ داودەرمان بەکار دەهێندرێت، لەگەڵ چادا تێکەڵ دەکرێت بۆ میزکردن.

ئیسفەنج

سەرخێڵ چیمەنی-چیمەن

گیاندارێکی ئاوییە لە دەریاکاندا دەژی و بەزۆری لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، لە ملیۆنەها شانەی زیندوو پێکهاتووە شێوە چێ بوون و کرداری ژیان لە ئیسفەنجدا لە گیاندارەکانی دی جیاوازە، کرداری خۆراک لە ئیسفەنجدا بەهۆی هەڵمژینی ئەو ئاوەوە ڕوودەدات کە لەو کونە وردانەی جەستەیدایە، خۆراک و ئۆکسجینەکەی گل دەداتەوە و، ئاوەکە لە کونە گەورەکانەوە دەردەداتە دەرەوە، بڕێکیان وەکو مادەی ئاوریشم وان، زۆر بەنرخن و بایەخێکی زۆریان لە بازرگانیدا هەیە و بۆ گەلێک کاروباری بازرگانی بەکار دەهێنرێن..

کیوی

بەهرۆز بایز – شۆڕاو

کیوی ڕووەکێکی خوهەڵواسە ناوە ڕاستییەکەی (Aclinidasp)یە، نیشتمانی ڕەسەنی نێوچە ئیستواییەکانە، بەتایبەتی چین، لەو شوێنانە بە شێوەیەکی خورسک دەڕوێت، بەڵام بە تۆو لە کۆتایی پاییزدا دەچێنرێت و دواتر دەکرێت بە شەتڵ، بەرێکی مزر و خۆشی هەیە بڕێکی زۆر ڤیتامینی A D C و پرۆتین و کالیسیۆم و فوسفۆر و ئاسنی تێدایە.

جوگرافیای وڵاتان

٢٤

ئۆکرانیا

ڕۆشنا کەرکووکی - کەرکووک

ناوی وڵات: کۆماری ئۆکرانیا.

پێگـەی جوگرافیایـی: ئۆکرانیـا دەکەوێتە کیشـوەری ئەوروپا، بیلارووسـیا دەکەوێتە باکـوری، لـە ڕۆژهـەڵات و باکـوری ڕۆژهەڵاتـی ڕووسـیایە، دەریای ڕەشـیش دەکەوێتە باشـووری، مۆڵداڤیـا و ڕۆمانیا و هەنگاریـا و سـلۆڤاکیا و پۆڵەندا سـنووری ڕۆژئاوای پێکدێنن.

ڕووبـەر: ٦٠٣ هـەزار و ٧٠٠ کیلۆمەتـری دووجا.

ژمارەی دانیشتووان: ٥١ ملیۆن و ١٠٠ هەزار کەس.

چڕیی دانیشـتووان: ٨٢,٦ لـە کیلۆمەترێکی دووجا.

پێکهاتـەی ئاینی: زۆرینـەی ئەرتەدۆکس، کەمینەی کاتۆلیک.

پایتەخـت: کـێیـف (٢ ملیـۆن و ٨١٢ هەزار کەسی تێدا دەژی).

گرینگترین شـارەکانی: خارکـۆف، دنیبرۆ پیترۆفیسک، ئۆدیسا.

جۆری حوکـم: کۆماریی یەکگرتووی فرە حزبی.

دراو: کاربۆڤانتس.

زمان: ئۆکرانی و ڕووسیایی.

گرینگترین هەناردەکانی: ئاسن، گـازی سروشـتی، خەڵووز، ڕەشـەوڵاخ، پەتاتە، گەنم.

گرینگتریـن هاوردەکانـی: ئامێـری جۆراوجـۆر، هۆکارەکانـی گواسـتنەوە، کوتاڵ، کەرەستەی کیمیایی.

کات: گرینیتچ+٢.

مێـژووی بـە ئەندامبـوون لـە نەتـەوە یەکگرتووەکان: ١٩٤٥.

ڕیزبەندییەکانی لە جیهان:

سێیەم لە بەرهەمهێنانی ئاسن.

چوارەم لە پەتاتە.

شەشەم لە گەنم و جۆ.

هەشتەم لە خەڵوز و دانەوێڵە.

نۆیەم لە پەروەردەکردنی بەراز.

دوازدەیەم لە پەروەردەکردنی مانگا.

بیستەم لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی.

وەرزش

عەدنان قەیسی

شادمان سەلیم - کەرکووک

عەدنان عەبدلکەریم قەیسی، کە پاڵەوانێکی بێ هاوتای زۆرانبازیی عێراقە، لە ١ی ئاداری ١٩٣٩ لەدایک بووە و، زۆرانبازێکی پیشەوەر بوو، لە چەند یەکەتییەکی بەناوبانگی زۆرانبازیدا یاریی کردووە.
سەرەتا لە زانکۆی ئۆکلاهۆما یاریی کردووە بووتە ئەندامی یەکەتیی WWWF کە ئێستا بە WWE ناسراوە و، ئەوکات ناسناوی بیلیی گورگە سپیی هەڵگرت. سـاڵی ١٩٨١ بەناوی شێخ عەدنان قەیسی چووە یەکەتیی AWA و لە ساڵی ١٩٩٠دا چووە یەکەتیی WWF و بە جەنەراڵ عەدنان ناسرا.
ساڵی ١٩٩١ لە پاڵەوانیەتیی سوپەر سـتار، کێبەرکێی لەگەڵ هاک هۆگـان کرد. سـاڵی ١٩٩٢ و پاش خۆنواندنی ڕۆیـاڵ ڕەمبل ئەو یەکەتییەی بەجێ هێشت.
سـاڵی ١٩٧٠ یەکەمین یاریی لە عێراق لە یاریگەی (شـەعب) کرد بەرامبەر جۆرج جۆرنکۆ، پاڵەوانی ئەوروپا. سـاڵی ١٩٧١ لە عێراق لە زۆرانبازی فرەنسایی ئەندری دی جایانتی بردەوە.

تێنسی سەر مێز

وریا حەسەن - دووبز

ئەم وەرزشە لەرووی ژمارەی یاریچییەوە میللیترین وەرزشە، هەروەها نوێترین وەرزشە بەرفرەوانەکانی ئەم سـەردەمەیە. تیایدا لە یاریی تاکدا دوو یاریزان بەشـدار دەبن و، لە یاریی جووتدا چوار یاریزان (هەر تیمێک بە دوو یاریزان بەشـداری دەکەن). لە کاتی سـێرڤدا، تۆپەکە بە ناو یان پشـتی دەست بەرەو ناوچەی ڕکابەر تێدەگیرێ.
ئەنجامـی کۆتایی بەپێی ژمارەی خاڵەکان دەبێ و ئەو یاریزانەی زووتر ١١ خاڵ تۆمار بکا دەیباتەوە و، ئەم یارییە پێویستی بە خێراییی کاردانەوە هەیە، چونکە گەمەیەکی خێرایە.
مێزی تێنـس ٢,٧ مەتر درێژە و ١,٥ مەتر پانـە. تیرەی تۆپەکەی چوار سانتیمەترە.
خاڵەکان لە کاتی هەڵەکردنـدا بۆ یاریچیی بەرامبەر دەژمێردرێن، وەک ئـەم هەڵانە: دوو جار لە لای خـۆت لە مێزەکە بدا.
ئەگەر لـە تۆپەکـەت دا و لای یاریچیـی بەرامبەر لە زەویی دا و ئینجا لێت دایەوە. دوو جار لەسـەر یەک لە تۆپەکە بدەی. دەستێکت بخەیتە سەر مێزەکە. باش ڕێکتەکە نەگری.

یەکەمەکانی ئەم ساڵ چۆن ئەم نمرە بەرزانەیان بەدەست هێنا؟

ڕیپۆرتاج: زریان وەهاب- کەرکووک

«حاجیله» لە ئاهەنگی خەڵات کردنی یەکەمەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەرکووکدا بەشدار بوو و ئەم ڕیپۆرتاجەی ئامادە کرد:

ماردین ئیدریس لە قوتابخانەی لەیلا قاسمی سەرەتایی، دووەمی سەر هەموو قوتابخانەکانی کەرکوکە، بە «حاجیله»ی گوت: ڕۆژانە ٦-١٢ سعات دەمخوێند. کۆی نمرەکانم ٥٨٨ بوو، حەزم لە وانەکانی کوردی و ئینگلیزی و بیرکارییە و لە هەرسێکیان نمرەی تەواوم وەرگرتووە. هێشتا بڕیاریشم نەداوە بۆ چ کۆلیجێک بخوێنم.

عەلی دانا، لەقوتابخانەی شەمی سەرەتایی، دەڵێ: ڕۆژانە ٨-١٠ سعات دەمخوێند. حەزم لە ئینگلیزی و بیرکاری و زانستە، لە هەرسێکیان ١٠٠م هێنا. دایک و باوکم لە ماڵەوە زۆر هاوکارییان دەکردم. ئەگەر هاوڕێیەکیشم پێویستی بە هاوکاریکردن بووایە، هاوکاریم دەکرد. پێمخۆشە لە دواڕۆژدا ببم بە پزیشک.

مەڕوە عادل، لە قوتابخانەی زەردەشتی تێکەڵ، چوارەمی سەر هەموو قوتابخانەکانی کەرکووکە. لە کوردی و زانست نمرەی تەواوی وەرگرتووە. لە هەموو پۆلەکانی قۆناخی سەرەتاییدا هەر یەکەمی پۆلەکەی بووە. پوورەکانی هاوکارییان دەکرد. لە دواڕۆژیشدا حەز دەکات لە کۆلیجی پزیشکی وەربگیرێت.

پاشان **مامۆستا شێرزاد ڕەشید کاکە** بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی بە «حاجیله»ی ڕاگەیاند: ئێمە ئەمڕۆ ئەم پۆلە قوتابییە یەکەمانەمان لێرەدا کۆکردووەتەوە تاکو سوپاسی دایک و باوکیان بکەین، و خۆشیان وەک هاندانێک خەڵات بکەین. هەروەها سوپاسی مامۆستایانی ئەم قوتابیانەش دەکەین کەوا دڵسۆزانە وانەکانیان بە قوتابیان گەیاندووە و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم نمرە بەرزانە بەدەست بێنن. هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

سیسرک

شەونم غازی - کەرکووک

سیسرک مێروویەکی ڕەنگ قاوەییە، لەشی بەچینێک کا یتین داپۆشراوە. درێژیی لەشی ٣ - ٥ سم دەبێت و وەک مێرووەکانی تر لەشی لە سەر و سینگ و سک پێکهاتووە. سیسرک لە گەلێک شوێنی جیهاندا بڵاوە، بەتایبەت ناوچە گەرمەکان، لەو شوێنانەدا کە شێدار و تاریکن و کون و کەلەبەر و خۆراکیان لێ بەچنگ دێت، وەک چێشتخانە و گەرماو و ئاودەست و شوێنی هەڵگرتنی خواردەمەنی. هەشیانە لە دەرەوەی ماڵدا دەژین، بەڕۆژ خۆیان دەشارنەوە و شەوانیش بەشوێن خۆراکدا دەگەڕێن، وەک پاشماوەی خۆراکە شەکری و نیشاستەییەکان. بەلەشیانەوە هەندێک میکرۆبی نەخۆشیی وەک تاعوون و گەڕی و گرانەتا دەگوێزنەوە بۆ خواردەمەنییە دانەپۆشراوەکان.

کونجی

شازاد حەبیب - پردی

کونجی یەکێکە لە بەروبوومە پیشەسازییەکان و ڕۆنی لێ دێتە بەرهەم هەروەها بە چەندین جۆر لە خواردنی ڕۆژانەدا بەکار دێ وەک تەحین. کونجی بڕێکی بەرچاوی پرۆتین و مادەی دژەئۆکسیداندنی تێدایە کە وای لێ دەکەن بەئاسانی تێک نەچێ.

گەڵای کونجی سەوز یان مەیلەو مۆرە و شێوەی هێلکەییی هەیە و گوڵەکانی سپی یان پەمبەیین و شێوەیان زەنگۆڵەییە و بەرەکە وەک کەپسوولێک وایە و ئەگەر زۆر بەقەدیەوە بمێنن شەق دەبەن و تۆیەکەی ناویان دەڕژێ.

کونجی لە سەرەتای بەهاردا دەچێنرێ و پێویستی بە ئاودانی زۆر نییە بەتایبەتی لە کاتی گوڵکردن هەفتەی یەک ئاودانی بەسە.

گورگ

شنۆ بەختیار - لەیلان

گورگ ئاژەڵێکی تابڵێی فێڵباز و وریایە، بۆیە لە کوردەواریدا دەڵێن: دەڵێی گورگە. لەبەر وریایی کاتێک دەنوێت یەکێک لە چاوەکانی کراوەیە، لەبەر فێڵبازیش گورگێگ دەتوانێت بەچەندین شێوە بلوورێنی، ئەوی بەرامبەر گوێی لێ بێت وا دەزانێت چەندین گورگن. هەروەها بەزیرەکیی خۆی دەزانێت کام شوان ترسنۆک و کامیان ئازایە.

گورگ شەویلاگەکانی زۆر بەهێزن و ددانەکانیشی تیژن. درێژییەکەی دەگاتە مەتر و نیوێک و کێشیشی ٤٠ کیلۆ گرام دەبێت. گورگ لە شاخ و دۆڵ و دەشت و دارستانەکاندا دەژێت و سەر بەئەشکەوتەکانیشدا دەکات، گورگ حەز بەتەنیایی دەکات بەڵام بەگەل هێرش دەبەن. هەستی بۆنکردن و بینینی زۆر بەهێزن. بۆیە دەتوانێت بەشەو لە دووریی چەندان کیلۆمەترەوە نێچیرەکەی ببینێت. خواردنی برتییە لە مشک و مار و کەروێشک و مەڕ و بزن و مانگا و ئاسک، ئەگەر خواردنی لێ ببڕێت تەنانەت شتی گەنیو و میوە و سەوزاییش دەخوات. گەر ئاوس بێت دوای شەست و چوار ڕۆژ بێچووەکەی دەبێت، چوار تا هەشت بێچووی دەبێت. تەمەنی گورگ لە ١٤ - ١٦ ساڵ دەبێت. دەکرێت بەبچووکی وەکو سەگ لەماڵان بۆ پاسەوانی پەروەردە بکرێت.

سەرچاوە: مجله المزمار. العدد ٣. ٢٠١١م.

دایکم

ڕێناس محمد-سەید سادق

دایکم خۆشەویستمە
سۆزی ئەو پێویستمە
دڵسۆزو میهرەبانە
تیشکی خۆری ژیانە
× × ×
باوەشی گەرمی دایە
بێ وێنەو بێ هاوتایە
دەنگە بەسۆزەکەیشی
خۆشترین مۆسیقایە
بۆیە هەمیشە وایە
بەهەشت لە ژێر پێی دایە

شەمامە

زریان أبراهیم أحمد
خانەی سلیمانی

شەمامەیەکی ئاڵم
هاوڕێی گەورە و منداڵم
ڕەنگم سەوزەیکی ئاڵە
یان هەروەک پرتەقاڵە
یا زەردباوێکی کاڵە
خەپان و جوان بمبینە
تامم چەندە شیرینە
بەچەقۆ بمکە دووقاش
بمخۆ،بمهارە ،وەک ئاش
شەمامەم خەندە بەلێو
نەلە شاخم نە لە کێو
ڕووخسارم گەلێک جوانە
ژینم بە هاوینانە

تابلۆ

نووسینی بە فارسی : بڵند باجەلان
وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی :
عەلی مەخلوقی - ئێران

دونیا ســارد بوو ، بەفر شۆســتە و شەقامەکانی داپۆشــیبوو . لەبەر ئەو بەفرە زۆرەی باریبوو ، ماشێن نەیاندەتوانی تێبپەڕن و گیریان خواردبوو.

خەنــدە لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ســەیری بارینی بەفری دەکرد . لەناکاو لە کۆتایی شــەقامەکە کوڕێکی بچوکی هاوتەمەنی خۆی بینی کە قەمســەڵەیەکی لەبەربوو لە چەند لایەکەوە پینەکرابوو ، جووتێک پێڵاوی لاستیکی دڕاوی لەپێ بوو پەنجەکانی لەنێو هاتبوونە دەرەوە ، تابلۆیەکی لە دەستی گرتبوو تەماشای دەکرد ، بەفر قژی سپی کردبوو ، پێدەچوو زۆر نەخۆشبێ و سەرمای بێ .

لە ناکاو کوڕەکە سەری سووڕا و کەوتە سەر زەوی .

خەندە لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە دیمەنی بەربوونەوەی کوڕەکەی بینی و چاوی پڕبوو لە فرمێسک . حــەزی دەکرد بچێتە لای کوڕەکە و یارمەتیی بدات و ئەو نەســتەلەیەی بداتێ کە باوکی لە بری ئەوەی لە وانەی بیرکاری نمرەیەکی بەرزی هێنابوو بۆی کڕیبوو .

دایک و باوکی خەندە ڕۆیشتبوونەماڵی دراوسێیەکەیان و خەندەیان بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێ هێشتبوو .

خەندە دەرگای ماڵەوەی کردەوە و بە ڕاکردن چوو بۆ لای ئەو کوڕەی لە زەوی کەوتبوو .

کەس لە دەرەوە نەبوو ، تەنانەت پشیلەش لەبەر سەرما نەدەبینران .

خەندە نەســتەلەکەی لە بەرکی دەرهێنا بۆ ئەوەی بیداتە کوڕەکە ، بەڵام کوڕەکە مردبوو لەســەرمان ، نەیدەتوانی وەڵامی خەندە بداتەوە و نەســتەلەکەی لێوەربگرێ ، تابلۆیەکەش لە تەنیشتی کەوتبوو . خەندە دەستی کرد بە گریان و تەماشای تابلۆکەی کرد .

« تابلۆکە وێنەی کوڕێک بوو کە لە باوەشی دایکیدا نەستەلەی دەخوارد» .

تێبینی : ئەم چیرۆکەی (بڵند باجەلان)ی نووسەر لە ئێران خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی کورتە چیرۆکی منداڵانی وەرگرتووە کە ساڵانە دەزگای (سەڵاواتی) سازی دەکا .
بڵند باجەلان: نووســەرێکی گەنجە ، بە زمانەکانی (ئیتالی و کوردی و فارســی) دەنووســێ ، بە (عەرەبی)ش هەندێ نووســینی هەیە . حەوت کتێبی هەیە ، چەند ساڵێکە ئیش لەسەر دونیای منداڵان دەکا .

لە ئەفسانەی گەلانەوە

بەپێی پێناســەی جان کۆکتۆ ئەفســانە، هونــەری بەجێهێنانی ڕێککەوتەکانە، کــە ئەوەندە زۆرن لە هەژمار نایێن، ئاژەڵ و درەخت و شتی جۆراوجۆر پاڵەوانی ئەفسانەکانن. هەندێکیان هێمای بەختــەوەری و هەندێکــی تریان هێمــای نەگبەتین، بە هەر حاڵ ئەفســانەیە و هیــچ پێوەندییەکی بە ڕاســتییەوە نییە، بەڵام خەڵکانێکی زۆر تاکو ئێســتا بڕوای پێ دەکەن. ئەمانە نموونەی هەندێکیانن:

نەیزەک: ئەگەر تیشــکی نەیزەکێکت لە ئاسماندا بینی، پێش ئەوەی ڕووناکییەکەی خامۆش بێتەوە، داوای شتێکی باش بۆ خۆت بکە، چونکە دێتە دی.

ناڵی ئەسپ: نیشانەی بەختەوەرییە و پێویستە زۆر بە جوانی لە سەر دەرگەی ژوورەکاندا هەڵبواسرێ، بە جۆرێک کە لایە کراوەکەی ڕووی لە ســەرەوە یان لای ڕاستی دەرگاکە بێ. باشترین جۆری ناڵ ئەوانەن کە حەوت کونیان تێدایە.

ئافرەتە نێودارەکانی کورد

ئارەزوو جەلال-رانیە

- ***حەپســە خانی نەقیب***، ســلێمانی، ساڵی ١٩٣٠ نامەیەکی نووسی بۆ (عصبە الامم).
- ***عادلــە خانــم***، هەڵەبجــە، ژنی وەسمان پاشــای جاف، داوای مافی نەتەوەی کوردی دەکرد.
- ***فاتمە خانی قەرەچێواری***، کچی شێخ حەسەنی چێوار.
- ***قەدەم خێر***، یەکەم ئافرەت بوو شۆڕشــی پشــکۆی لە دژی شای ئێران هەڵگیرساند.
- ***ولیــەم خانی ئــەردەڵان*** ، پاش مێردەکــەی فەرمانڕەوای ئەردەڵانی کرد.
- ***خانزاد ژنی میر ســلێمان***، لە پاش مێردەکەی بوو بە میری سۆران.

زانیاریی بەسوود

سامان وەلی - قوشتەپە

- بۆ ئەوەی ڕێ لە بڵاوبوونەوەی مێروولە بگریت لە ماڵەکەت، توێکڵە خەیارێک لەسەر شوێنی دەرهاتنیان دانێ.
- ئەگەر بتەوێ قارچکی ژەهراوی و باش لە یەک جیا کەیتەوە، کەمێ خوێ بڕێژە ســەری، ئەگەر ڕەنگی ڕەش بوو ئەوە باشــە، بەڵام زەرد بوو ئەوە ژەهراوییە.
- بۆ خاوکردنەوەی مریشکی بەستەڵەک، بیکە ناو ئاوی سارد و دوو کەوچکی پڕ خوێی تێکەڵ بکە.
- بۆ زانینی کۆنی و تازەیی ماسی، بیکە ناو ئاوی سارد ئەگەر کەوتە سەر ئاوەکە ئەوە تازەیە و، ئەگەر چووە خوارەوە ئەوە کۆنە.
- بۆ دەرکردنی مشک لەناو ماڵ یان دوکان، بیبەری ڕەش بڕێژە لەو شوێنەی کە دەزانی لێی دەردەچێ یان بۆی دەچێ.
-ئەگەر بنێشت بە جلوبەرگتەوە نووسا، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بیکە ناو فرێزەرەوە.
- بۆ ئەوەی ئاوێنەی ماڵت بە ڕەونەقتربێ، بە ئیسپرتۆ بیسڕەوە.

تەڵەسیمیا

چنار وەسمان – زەڕایەن

نەخۆشییەکی
کەم خوێنییە، بۆ ماوەییە،
بریتییە لە کەموکوڕی لە بەرهەمهێنانی
هیمۆگلۆبین. نیشانەکانی: کەم خوێنییەکی
سەخت و توندە لەگەڵ زۆر زەرد هەڵگەڕان
و لاوازبوون. ماسوولکەکان شل و خاو دەبن،
بەهۆی هەڵاوسانی جگەر و سپڵەوە، لە منداڵدا
نەخۆشەکە تووشی زەردوویی و زەرد هەڵگەڕانی
پێست دەبێت. هەروەها نەخۆش تووشی باژەڵە
دەبێت و لە ئەنجامی شێوانی مۆخی ئێسک
دەموچاوی منداڵەکە ئەدگاری منداڵێکی مەنگۆلی
درێژ بووەوە وەردەگرێت.

چارەسەرکردن بەقوڕ

هۆزان یوسف – کەرکووک

چارەسەرکردنی شکانی ئێسکی مرۆڤ لە ٥ هەزار ساڵی پێش ئێستادا دۆزراوەتەوە و میسرییەکانی پێشوو قوڕیان بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنا.
پاش ئەوەی چەند پارچە پەڕۆیەکیان لە ناو قوڕدا دەخوساند، پارچە پەڕۆیە قوڕاوییەکانیان لە ئێسکە شکاوەکە دەپێچایەوە، ئینجا نەخۆشەکەیان بۆ ماوەیەک لەبەر هەتاو دادەنا هەتا قوڕەکە بەجوانی وشک دەبووەوە.
کاتێک قوڕ وشک دەبێتەوە هەمان کاریگەریی ئەو جبسەی دەبێ کە ئێستا لە بەشی شکانی نەخۆشخانەکاندا بۆ چارەسەرکردنی شکانی ئێسک بەکاردەهێنرێت.
شێوازی لە جبس گرتن لە ساڵی ١٧٩٨دا دۆزرایەوە و هەتا ئەو ساڵە هەر قوڕ بەکاردەهێنرا و ئەنجامی باشیشی هەبوو.

تای ماڵتە

شەوکێڵ حەمەخان–ڕەواندوز

ئەم نەخۆشییە تووشی مانگا و گامێش و بزن و بەراز دەبێت، لە دورگەی ماڵتە بڵاو بووەتەوە بە هەموو جیهاندا، سێ جۆر میکرۆبە و، هەر جۆرەی تایبەتە بە ئاژەڵێک، مرۆڤیش بە هەرسێکیان تووش دەبێت، ئەویش لە ڕێگەی خواردنی شیرەکەیانەوە، یا دەست بەرکەوتن یا لە تەپوتۆزی گەورەکانەوە. میکرۆبەکەی لەلایەن (بروس)ەوە دۆزرایەوە ناوی لێنرا (بروسیلامیلیتینس) نیشانەکانی: تای ناو بەناو، ئازاری جومگەکانی لەش، عەرەق کردن و کەم خواردن، ماوەی ١٥ ڕۆژ دەخایەنێ، پاش چاکبوونەوەی زۆر جاران سەرهەڵدەداتەوە، مرۆڤ لە مرۆڤەوە نایگرێ، دەرمانی ئەم نەخۆشییە ئەگەر بەباشی بەکار بێت نەخۆشەکە زوو چاک دەبێتەوە.

پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد – ئازادی

هەڵێبێنە

زەردی زەردان، لە بن بەردان، وەکو مەردان.

سەیری کە با پێت بڵێم.

سەرسەوزی بن سوور.

لە دوورەوە زاری بۆ دەکەیتەوە.

ناخورێ و دەیخۆن.

هەتا نەیشکێنی ناخورێت.

ئایا دەزانی؟

- یەکەمین بوونەوەر هەست بە هاتنی (با) بکات مێروولەیە.
- باڵی مێش لە چرکەیەکدا ٣٣٠ جار دەجووڵێ.
- یاریی جۆدۆ ساڵی ١٩٦٤ جووە ئۆلۆمپیادەوە.
- ئەستێرەی عەتارد هیچ مانگێکی نییە

پەندی بەرینان

بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

شەر، کوێر، دۆم، مار، ڕێوی.

- ...... بە دانیشتن ماڵی وێرانە.

ڕێی دەکەوێتە کونی.........

ژنی پیاوی..........ئارایشی ناوێ.

.... لە بەتاڵی چاترە.

شێر بمشکێنێ، نەک....... بمخوا.

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

ئۆژین عومەر – تاسلۆجە

– ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز چ ساڵێک دۆزرایەوە؟
١٩٧٩، ١٩٨٩، ١٩٩٩

– کەللەی سەری مرۆڤ لە چەند ئێسک چێ بووە؟
٢٢، ٣٢، ٤٢.

– منداڵی ئاسایی لە کاتی لەدایک بووندا کێشی چەندە؟
٣ کیلۆ، ٤ کیلۆ، ٥ کیلۆ.

– درێژیی ڕیخۆڵە باریکە چەندە؟
٧ مەتر، ٨ مەتر، ٩ مەتر.

– دووپشک چەند پێی هەیە؟
٨ پێ، ١٠ پێ، ١٢ پێ.

– ماوەی سکپڕی پشیلە چەند ڕۆژە؟
٦٣ ڕۆژ، ٧٣ ڕۆژ، ٨٣ ڕۆژ.

بمڕەنگێنە

بەسۆز جەبار – سلێمانی

بەرسڤی لەز

بێریڤان هادی – کۆیە

بە پەلە وەڵام بدەرەوە

– لە نێوان باسک و قۆڵدا چییە؟........

– بە دووهەمین بڕبڕەی پشتی مرۆڤ دەڵێن چی؟.........

– کامیان زووتر هەرس دەکرێ کوڵاو یان برژاو؟..........

– جۆگەی ئەستالیۆس دەکەوێتە کوێوە؟.........

– ئەو مێرووە ناوی چییە، خۆی تۆڕ بۆ ڕاوەکەی دادەنێ؟........

– چ درەختێک ڕەمزە بۆ ئاشتی؟.........

– کاری شاژنی هەنگ دانانی چییە؟.......

– چ ماددەیەک ڕەنگی سەوز بە ڕووەک دەدات؟.........

هێلکە، کلۆرۆفیل، کوڵاو، کلێنچک، ئانیشک، گوێچکە، جاڵجاڵۆکە، زەیتوون

ڕامان

ئەنفال یاسین-چەمچەماڵ

بە چ ژمارەیەک دوایی بەم قۆچکەیە دەیەنیت؟



قۆناغ بە قۆناغ وێنە بکێشە

شەماڵ جەلال – کەرکووک



ئەم گیانلەبەرانە بەرەوە ماڵەکانیان

شەیدا نوورەدین – هەولێر

مێرووله	هێڵانە
مار	لانە
مریشک	کون
هەنگ	شانە
شێر	شار
چۆلەکە	کولانە

چاوتیژی

شیلان بەکر – ڕەحیماوە

جوان لەم وێنەیە وردبەرەوە و بزانە ئاخۆ ئەم ماسییە بچووکە لە ترسی دڕندەکانی دەریا خۆی لە ناو دەمی داٚیکی حەشار داوە، یان ماسییە گەورەکە ماسییە بچووکەکەی قووتداوە؟

ماتماتیک

پەری قادر – سلێمانی

چەند چوار گۆشەیە ؟؟



ڕێکخستن

بەسۆز جەبار – سلێمانی

د	س	ن	و	ك	ر	ت	ا

ئەم پیتانە ڕێکبخە ، ناوی خاکێکت لا ئاشکرا دەبێت ، ئاڵای هەیە و دەوڵەتی نیە .

ئەنجامێکی سەیر

ساما‌ن جەوهەر – ؟؟؟؟؟

• ژمارەیەک لەنێوان ١– ١٠ هەڵبژێرە و لای خۆت تۆماری بکە.
• ژمارەکە لە ٦ بدە.
• ٤ بخەرە سەر ئەنجامەکە.
• ئەنجامەکەی پێشوو بەسەر ٢دا دابەش بکە.
• ٢ لە ئەنجامەکەی پێشوو دەرکە.
• ئەنجامەکە بەسەر ٣دا دابەش بکە.

دەزانی پاش ئەنجامدانی ئەم کردارە بیرکارییانە هەمان ئەو ژمارەیەت بۆ دەردەچێ کە خۆت هەڵتبژاردبوو.

ناودارە بەژن کورتەکان

کاوە عەزیز– کەڵوڕ

١– ڤیکتۆریا شاژنی ئینگلتەرا ١٥٢ سم
٢– جۆن گیتس شاعیری بەریتانی ١٥٤ سم
٣– لوتراک نیگارکێشی فرەنسایی ١٥٥ سم
٤– بلزاک نووسەری فرەنسایی ١٥٧ سم
٥– یوری گاگارین فەلەکناسی سۆڤیەتی ١٥٧ سم
٦– خرۆشۆ سیاسەتوانی سۆڤیەتی ١٦٠ سم
٧– ڤۆلتێر نووسەری فرەنسایی ١٦٠ سم
٨– پیکاسۆ شێوەکاری ئیسپانی ١٦٢ سم
٩– ناپلیۆن ئیمپراتۆری فرەنسایی ١٦٧ سم
١٠– ستالین سیاسەتوانی سۆڤیەتی ١٦٧ سم

نیوەکەی تری تەواو بکە

دلێر کەرکووکی – کەرکووک



شیکاری

تانیا وەلی – چەمچەماڵ

ئـەم جارەیـان پـاش شیکاریکردن ناوی یەکێک لە شارە گەورەکانی جیهانە

	=	2	+	3
	=	2	-	4
	=	9	+	5
	=	3	+	7
	=	10	-	12
	=	8	+	6

14	–	ن
4	–	د
6	–	ل
2		ە

شرۆڤە

ڕەوا عوسمان دەروێش
کەرکووک

ناوی خواردنێک لە سێ پیت پێکهاتووە. ئەگەر پیتێکی لابەرین بەبێ ئەوەی کەرتی بکەین دەکاتە نۆ.

بمگەیەنە

لێوژە بەهرۆز – سلێمانی

دووبارەبونەوە

دلێر کەرکووکی – کەرکووک



وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣ مەتەڵ : ڕێوی

ل٣١ من چیم : پشیلە
ڕێکخستن :خورخورە

ل٣٢ شیکاری : خاڵخاڵۆکە

ل٣٣ شرۆڤە : قەرەخەرمان .

ل٣٤ شــقارتە :تەلێــک لــە کۆیەکە دەخەیتە ســەر پێنجەکە دەبێتە ٨٨–٥٨=٢٠
گەیاندن : ئەندیکوفیرنی.

ل٣٦ کوێرکردنەوە :گێلاس .
وشەی بزر :سەیوان.

ل٣٧ خەڵات :خوێ .

یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر – ئازادی

جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە **بیست**



هێماکانی هاتوچۆ

دلێر کامەران – کەرکووک

گەیاندن

ئەم هێڵانە بگەیەنە، گیانداریێک لا پەی دەبێت کاتێ دەنوێ هەردوو قاچی بەرەو ژوورە.

سەبا ئەحمەد – هەڵەبجە

ش	ە	ە	ب	ڕ	ە	ک	ێ	ش	م	ە	م



ە	ڕ	ێ	و	ک	د	م	ە	ش	م	ە	ش

جیاوازی ٧

پروشە جەبار – سلێمانی

ئاوێنە

دینا دیار – کەرکووک



جێگۆڕکێ

خونچە عەبدل – دارەتوو

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە ستوونی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکاتە ٢١

1	6	4	5	3	2
5	2	3	4	1	6
2	3	6	1	5	5
4	1	5	2	6	3
6	4	1	3	2	4
3	4	2	6	5	1

نیشانەی هەڵە یان ڕاست

لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

شەپۆل خەسرەو–پردێ

- ڕەنگی جلی بووکێنی لە چیندا سوورە.
- گەورەترین نووسینگە لە جیهاندا بنتاگۆنە.
- بۆ یەکەمین جار شقارتە لە سوید هاتە چێ بوون.
- ئێسکی ڕان درێژترین ئێسکە لە مرۆڤدا.
- ژمارەی خانەکانی تۆڕی چاو ١٣٧ ملیۆنە.
- لاوازترین هەست لای باڵندە بۆنە.
- بەکتریا لە میکرۆبە ڕووەکییەکانە.
- هەستی بۆن لە سەگدا ١٠٠٠ ئەوەندەی مرۆڤە.
- تیرەی سەبەتەی تۆپی باسکە ٤٥سم.
- ئەرزەرۆم پارێزگایەکە لە باشووری کوردستان.

سێبەر

دیار – کەرکووک

سێبەری سکۆبی دوو ونبووە ، دەتوانیت بیدۆزیتەوە ؟

خەلاَت

دوا دەليقە ٢٥/ ٨

يەكەم رۆژنامەی كوردی ساڵی ١٨٩٨ لە پايتەختی چ وڵاتێک هاتە دەرچوون.

؟



شەماڵ پيرۆت-پردێ

گۆتەی نێودارنا

- مەزنترين خۆشەويستی ، خۆشەويستی دايكە — لينكۆلن
- رێزگرتنی ژن بەڵگەيە بۆ ژيريی پياو. — بيكۆ
- كۆشی دايک نەرمترين سەرينە لە جيهاندا. — شكسپير
- جوانی دوو چاوگی هەيە، سرووشت و ئافرەت. — سوكرات
- ناوبانگی باش كراسێكە لە هيچ دەمێكدا كۆن نابێت — ئەديسۆن

سۆدۆكۆ

هيوا عەلی-چەمچەماڵ

	5	6			
1			6		
	3		1		6
5		1		2	
		2			1
			2	3	

تۆڕی سۆدۆكۆ پێكهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاكێشەی گەورە. ئەوەی پێويستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەكان بەژمارە (١-٦) پڕبكەيتەوە بەمەرجێک هيچ ژمارەيەک لە ڕيزی ئاسۆيی و ستوونيی لاكێشەكاندا دووبارە نەبێتەوە.

ئەمانە بزانە

- درێژيی ڕووباری فورات ٢٧٨٠ كيلۆمەترە.
- درێژيی ڕووباری ديجلە ١٩٠٠ كيلۆمەترە.
- درێژيی ڕووباری نيل لە ميسر ١٥٠٠ كيلۆمەترە.
- بەنداوی چين تەمەنی ٢٠٠٠ ساڵە.
- تيشكی خۆر بە ٨ خولەک دەگاتە زەوی.
- بەرزيی چيای ئاكرێ ١٥٤٨ مەترە.
- ڕووبەری ئۆقيانووسی ئارام ١٨١مليۆن كم٢.
- ڕووبەری زەوی ٥١٠ مليۆن كم٢.

جێژوان جەليل - بازيان

كوێركردنەوە

فەرمان نەريمان –تاسلوجە

ر	ێ	ل	ب	و	ق	ا	د	ن	م	ا	س
ر	ه	ا	ە	و	ك	ا	د	ن	م	ا	
ا	ر	ا	و	ە	ك	ا	د	ن	ا	ا	

پاش ئەوەی پيتی ئەم ناوی كچانە كوێر دەكەيتەوە، (ســامان، دانا، قوباد، دلێر، كامەران، هاواز) ناوێكت بۆ دەمێنێتەوە لە چوار پيتان پێكهاتووە، ناوی سەركردەيەكی مێژوويی كوردە.

هونەری دەست

شەماڵ شوكور

كەركووک



وشەی بزر

داستان محەمەد-چەمچەماڵ

پيتەكانی ئەم وشانەی خوارەوە بسڕەوە، ناوچەيەكت بۆ دەردەچێت لە سلێمانی

سيامەند،

سرووشت، سێوە، ساوێس،

ساوا، ســايە، سانيە، سانا،

سازان، ســازگار، ســاكار،

ساقا، سابات، ســارا، سارۆ،

گرینگترین ڕووداوەکانی ئەم مانگە

بیرکاری

ژیر ئاورەحمان – کەرکووک

ژمارەیەک لــە دوو ڕەنووس پێــک دێ. کۆی هەردووکیــان دەکا ٨. ئەگــەر جێگۆڕکــی بە ڕونووســەکان بکەیت، ئــەوە ژمارەیەکت بۆ دەردەچێ، کە ژمــارەی یەکەمی لێ دەربکەی ئەنجامەکــەی دەکاتــە ٥٤. جا بــا بزانین کێ زیرەکە و زوو ژمارەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە.

تەممووز

نەوزاد سابیر – کەرکووک

- ١ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٧ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراق. بەپێی ئەم ئامارە ٥٣٪ی دانیشتووانی شاری کەرکووک لەو ساڵەدا کورد بوون.
- ٨ی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٣ دەرکردنی دراوی نوێی عێراق، کە ١٥٠ هەزار دیناری چاپە نوێیەکە بەرامبەر ١٠٠ دۆلاری ئەمەریکایی بوو.==
- ١١ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٢ یەکەمین پەخشی ئاسمانی لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە.
- ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ دامەزراندنی کۆماری عێراقی .
- ١٩ی تەممووزی ساڵی ١٩٨٨ دەستپێکردنی داستانی خواکورک بەسەرکردایەتی مەسعوود بارزانی، کە لە ماوەی ٣٩ ڕۆژدا هێرشی سووپای عێراق شکستی هێنا.
- ٢٠ی تەممووزی ساڵی ١٧٢٨ کۆچی دوایی زانا و داهێنەری بەناوبانگ ئیساق نیوتن.
- ٢٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٣ بەستنی کۆنگرەی لۆزان کە بە دابەشکردنی کوردستان کۆتایی هات.
- ٢٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٢ وینستۆن چەرچڵ نامەیەکی ئاراستەی حکوومەتی ئەوسای عێراق کرد و داوای کرد کە دەبێت لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا، کورد مافی ئۆتۆنۆمیی بدرێتێ.

وەڵامی ژمارەی پێشوو



ئەزموون

عەلی جەبار – بنەسڵاوە

– ئەو گیاندارە کامەیە بە لووتی گوێچکەی دەخورێنێ؟
– ئەو گیاندارەی دەستی ببڕیت دوای دوو ڕۆژ دەڕوێتەوە کامەیە؟
– ئەو مێرووە کامەیە بەسەر هێڵی بەتەباشیر کێشراودا ناڕوات؟
– ئەو وڵاتە کام وڵاتە هێڵی ئیستوا بەناویدا گوزەر دەکات؟
– ئەو کەســە کێ بوو کە بۆ یەکەمین جار وێنەی خۆی لەسەر دراو هەڵکۆڵی؟
– بچووکترین دەوڵەتی عەرەبی لە ڕووی ڕووبەرەوە کوێیە؟
– کام وڵاتە بوو ساڵی ١٨٣٠ جەزائیری داگیر کرد؟
– ئەو کچە کێ بوو لە پێناوی نیشــتمانەکەیدا لە شۆڕشــی مەهاباد چاویان هەڵکۆڵی؟

وشەی یەکتربڕ



ئارا ئاری – هەولێر

ستوونی

١ـ ناوی وێنەکەی بەردەستە قەڵایەکە لە شارێکی کوردستاندا.
٢ـ زەعیف(پ).
٣ـ ناوێکی کچانەیە ـ ناوێکی کورانەیە.
٤ ـ نیوەی یاسا(پ) ـ نەخێر(پ) ـ نیوەی وەرە.
٥ ـ خــودا بــە عەرەبــی(پ) ـ ژمارەیەکــە ـ ئەمسەروئەوســەری شــاوەیس(پ) ـ (بوش)ــی ناوقەدبڕاو.
٦ـ پێچەوانەی تۆ. ٧ـ شۆڕش(پ).
٨ـ پێچەوانەی ژن.
٩ـ نهێنی ـ شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.
١٠ـ منداڵی برا.
١١ـ پیتێکە +ناوی گەڕەکێکی شاری کەرکووکە(پ).

ئاسۆیی

١ـ تەلەبە. ٢ـ خۆزگە(پ). ٣ـ گەورە(پ) + پیتێکە.
٤ـ وەکوویەکن ـ کانزایەکە(پ). ٥ـ پاڵەوانی یۆرۆی ٢٠١٢ـە بوو(پ).
٦ـ ئالیکــی ئاژەڵــە ـ ڕێگا(پ). ٧ـ کورتکراوەی ناوێکــە(پ) ـ گڕی گرت ـ ورچ بە عەرەبی(پ).
٨ـ گونجاو ـ پرس. ٩ـ شاخ ـ (بوس)ــی ناوقەدبڕاو(پ) ـ بە شتێک دەگوترێت کە زۆر جوان بێت. ١٠ـ ئەندامێکی خێزانە(پ) ـ دوعا.
١١ـ چارەسەرێکی پزیشکی کوردەوارییە ـ دەخورێتەوە(پ).

خاوەنی ئیمتیاز : بەدران ئەحمەد حەبیب

سەرپەرشتیار : عوف عبدالرحمن

سەرنووسیار : حەمە سەعید زەنگنە

٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢

hamatal_ z@yahoo.com

جێگری سەرنووسیار : نەبەز ڕۆستەم

بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی پەروەر

تایپ : دلێر ڕەفیق

ناونیشان

کەرکووک – شەقامی کۆماری

تەلاری صیدلی فخری

دەست ڕەنگینی

لەرین شەماڵ – سلێمانی